٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : ڕۆما 5: 3-4 لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- فێرکردن : نمونەی" شوێنی تایبەت لە شاییدا" ئامادە بکە لە لۆقا ١٤: ٨- ١١ وە نمونەی فەریسی وباجگر لە لۆقا ١٨: ٩- ١٤ سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانەی هاتوون لە وانەی یەکەمدا .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .

وانەی (٢١)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) زەبورەکان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (زەبور ٣١، ٣٢ ، ٣٣ ، ٣٤)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی

لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ٥: ٣- ٤

بە شێوەی گرووپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، ڕۆما ٥: ٣- ٤ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) شوێنی تایبەت لە شاییدا و فەریسی و باجگر

نمونەی " شوێنی تایبەت لە شاییدا " لە لۆقا ١٤: ٨- ١١ وە نمونەی " فەریسی وباجگر" لە لۆقا ١٨: ٨- ١١ تایبەتن بە **ساکاریی لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

ئەم وێنەیە خاڵ بەخاڵ لە شەش ڕێبەری ڕێنماییەکاندا تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نمونەکان (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

أ. نمونەی شوێنی تایبەت لە شاییدا

لۆقا ١٤: ١- ١٤ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەمایانەی ژیانی بەرچاوی ئێستامان کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان

ئەم نمونەیە جۆرێکە لە هاندان.

شوێنی پێشەوەو تایبەت .

هەموو دەوڵەتێك لە جیهاندا بنەمای تایبەتی خۆی هەیە لە ئەتەکێت . ئەم بنەماو ئەتەکێتانە لە ئاهەنگ وشایی و زەماوەند لە ئیسرائیلدا توندترە ، لە ماڵ و لەسەر خوان کاتی نان خوارن لە شایی و ئاهەنگەکاندا چەندین جۆر خوان هەیە ، ئەمەش دەگۆڕێ بەپێی ژمارەی بانگهێشتکراوەکان ، لەو ڕۆژگارەدا خەڵکی لەسەر کورسی دانەدەنیشتن بەڵکو لەسەر سەکۆی تایبەت بە خوان کە لەشێوەی پیتی u ی ئینگلیزی بەدەوری خوانەکەدا دادەنیشتن کە نزم بوو . وە هەر یەك لەو سەکۆیانە سێ کەس دادەنیشت لەسەری بەلای چەپدا وە ڕوویان لە خوانەکە دەبوو وە پێیەکانیان دوور بوو لە خوانەکەوە ، دەستەکانیان بەلای ڕاستدا بەکار دەهێنا بۆ نانخواردن ، هەر یەك لەم شوێنانە کە نۆ شوێن بوون لە سەکۆکان بەدەوری خوانەکەدا شوێنی تایبەت بوون یان شوێنی ڕێز لە بیروهزری گەلی ئیسرائیلدا . بەپێی یەکێك لەزانایانی جولەکە بەم شێوەیە شوێنی پێشەوەو ڕێز دیاری کرابوو : لە سەرەوەو لای چەپەوە تا لای ڕاست و لەسەرەوە : ژمارەکان ٥ ، ٤، ٦ ئینجا ٢، ١ ، ٣ ئینجا ٨ ، ٧ ، ٩ . وە شووێنی دەستە ڕاست تەرخان دەکرا بۆ ئەو کەسانەی کە ڕێزی تایبەتیان لێدەگیرا بڕوانە

یۆحەنا ١: ١٨ ؛ ١٣: ٢٣- ٢٥ ، وە شوێنە تایبەتەکان بۆ ڕێزلێنان بەم شێوەیە بوو لە بەرزترین پیاوی لای چەپەوە بۆ بەرزترین پیاوی دەستە ڕاست ژمارەکان ٩ ، ٧ ، ٨ پاشان ٣ ، ١، ٢ ئینجا ٦ ، ٤ ، ٥ . گرنگ ئەوەیە لێرەدا ئەم ڕیزبەندیە جێگیر بوو بۆ دانیشتوان وبانگهێشتکراوەکان.

تەرخانکردنی شوێنەکان .

ئەو کەسەی میوانەکانی بانگ هێشت دەکرد زۆرجار خاوەن ماڵ بوو ئەو شووێنی دیاری دەکرد بۆ بانگهێشتکراوەکان و میوانەکان ، ئیدی عیسا هانی گوێگرانی دا کاتێ بانگ دەکرێن بۆ شایی شوێنی پێشەوە نەگرن بەڵکو لە دواوە دانیشین .

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٤: ١- ٧ .

خۆراکی گرنگ لە ڕۆژی شەممەدا .

عیسا زۆرجار لەگەڵ فەریسیەکان نانی دەخوارد (لۆقا ٧: ٣٦ ؛ ١١: ٣٧ ؛ ١٤: ١) لەمجارەدا بانگکرا بۆ نان خواردنێکی گرنگ لە ڕۆژی شەممەدا . بەپێی ئەو یاساوڕیسا توندانەی تایبەت بە ڕۆژی شەممە دەبوو ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەم نان خواردنە ، نازانین بۆچی عیسا بانگکرا بۆ ئەم نانخواردنە بەڵام کتێبی پیرۆز دەڵێت فەریسیەکان چاودێریان دەکرد ڕەنگە هۆکاری بانگهێشتکردنی عیسا بۆ نانخواردن ئەوەی بێت کە ئەم فەریسیەو فەریسیەکانی ترو مامۆستایانی شەریعەت هەوڵیانداوە بیانوێك بدۆزنەوە بۆ سکاڵاکردنیان لەسەر عیسا و تۆمەتبارکردنی وەك ئەوەی پلانیان بۆدانابوو لە بارەی چاککردنەوە لە شەممەدا . لۆقا ٧: ٣٧- ٣٨ .

پاڵەپەستۆی ناشایستە بۆ جێگرتن لە ڕیزی پێشەوە .

دوای ئەوەی عیسا پیاوە نەخۆشەکەی چاککردەوە ، ئیدی بانگهێشتکراوەکان شوێنی خۆیان گرت لە دەوری خوانەکە ، بەڵام چاوەڕێیان نەکرد خاوەن ماڵ شوێنیان بۆ دیاری بکات . ئەوان پاڵەپەستۆیان کردو باشترین شوێنیان گرت ! ئەمەش سەرپێچیکردنی بنەماو ئەتەکێتی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ داوەت وخوانی نانخواردن ، لێرەدا عیسا قسەی کرد لەبارەی شوێنی تایبەت و تەرخانکراو لە نانخواردن وداوەتەکاندا .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٤: ٨- ١٠ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٤: 11 .

لەکۆتایی نمونەکەدا عیسا فێر دەکات کە هەر کەسێ خۆی بەرزبکاتەوە دەکەوێت وە هەر کەسێ خۆی نزم بکاتەوە بەرزدەکرێتەوە .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم نمونەیە وەکو چیرۆکێکی میتافۆری – ڕاڤەکەی میتافۆریە .

بزانە، عیسا هیچ واتایەکی دیاریکراو یان بنەمایەکی و خاڵێکی لە چیرۆکئ نمونەکەدا پێشکەش نەکردوە .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی شوێنی تایبەت لە داوەتد یان شایی لە لۆقا ١٤: ٨- ١١
نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی "ساکاری لە شانشینی خودا " .
پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : هەرکەسێك خۆی بەرزبکاتەوە نزم دەکرێتەوە هەر کەسێکیش خۆی نزم بکاتەوە بەرز دەکرێتەوە .

ساکاری یەکێکە لە نیشانەو بنەما سەرەکیەکان کە پێناسەی شانشینی خودای پێدەکرێت ! بڕوانە فیلیپی ٢: ٥- ١١ وە فیلیپی ٢: ٣- ٤ .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوەو فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی تر چی ڕاستیەك فێر دەکات کە ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

لوتبەرزی نەبوخەزنەسەر .

دانیال ٤: ٢٩- ٣٧ بخوێنەوە .

لوتبەرزی هێرۆدس .

کردار ١٢: ٢١- ٢٣ بخوێنەوە .

ساکاری پۆڵس .

١کۆرنسۆس ١٥: ٩- ١٠ ؛ ٢کۆرنسۆس ١٢: ٩- ١٢ ؛ ئەفەسۆس ٣: ٧- ٩ ؛ ١تیمۆساوس ١: ١٥- ١٦ ؛ گەڵاتیە ٢: ٢٠ ؛ ٦: ١٤ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ١٠ بخوێنەوە .

لوتبەرزی و ساکاری لە پەیمانی کۆندا .

پەندەکان ٢٥: ٦- ٧ ؛ ٢٦: ١٢ ؛ ئیشایا ٢: ٦- ٢٢ ؛ ١٤: ١٢- ١٥ ؛ ٥٧: ١٥ بخوێنەوە .

لوتبەرزی وساکاری لە پەیمانی نوێدا .

مەتا ١٨: ٤ ؛ ٢٠: ٢٥- ٢٨ ؛ ٢٣: ٨- ١٢ ؛ لۆقا ٢٢: ٢٧ ؛ یۆحەنا ١٣: ١- ١٥ ؛ فیلیپی ٢: ١- ٨ ؛ یاقوب ٤: ٦ ؛ ١پەترۆس ٥: ٥- ٦ بخوێنەوە .

مامەڵەکردن لەگەڵ توێژە پشتگوێ خراوەکان لە کۆمەڵگەدا .

لۆقا ١٤: ١٢- ١٤ ؛ مەتا ٢٥: ٣٤- ٤٠ ؛ ڕۆما ١٢: ١٣ بخوێنەوە .

ب. نمونەی فەریسی وباجگر

لۆقا ١٨: ٩- ١٤ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەمایانەی ژیانی بەرچاوی ئێستامان کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان

دوو کەس .

پەرستگا شوێنی جۆرەها چالاکی ئایینی بوو . تیایدا کۆبونەوە ئاینیە گشتیەکان ساز دەکرا وە خەڵکی قوربانیەکانیان دەهێناو پێشکەشیان دەکرد و نوێژیان بەرز دەکردەوە . وە لەنێو جولەکەدا سێ نوێژ دەکرا لە ڕۆژێکدا ، دانیال ٦: ١٠ ، بەشێوەیەکی گشتی فەریسیەکانیان بە خواناس دەبینی و باجگرانیش بە ناپاك وچاوچنۆک مەتا ٦: ٥ ؛ لۆقا ٢٠: ٤٧ ؛ لۆقا ١٩: ٢ ؛ لۆقا ٥: ٢٧ .

دوو نوێژ .

فەریسیەکە ڕاوەستاو نوێژی کرد بەپێوە . نوێژ کردن لەباری ڕاوەستان وبەپێوەو دەست و ڕوخسار بۆ سەرەوە نەدەکرا ئەم نوێژە نائاسایی بوو ١تیمۆساوس ٢: ٨ پێدەچی ئەم فەریسیە لە شوێنێک ڕاوەستابێت هەموان بینیویانە ، بەڕواڵەت ئەم پیاوە وتەکانی بەرز دەکاتەوە بۆ خودا بەڵام لەناوەڕۆکیدا و لە ڕاستیدا لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد ، لێقیەکان ١٦: ٢٩-١٣ ؛ وتەکان ١٤: ٢٢-٢٣ ؛ لۆقا ١١: ٤٢ ؛ یاقوب ٤: ٢ .

دوو دەرئەنجام .

فەریسیەکە گەڕایەوە بۆ ماڵەی خۆی و هیچ گۆڕانکاریەك ڕووی نەدا ، دەکرا لەماڵەوە بمێنێتەوە ، ئەگەر هیچ جیاوازیەکی نەبێت .

بەڵام باجگرەکە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بە ڕاستودروستی و بێتاوانیی . وشەی بێتاوان واتە خودا مامەڵەی کرد لەگەڵ باجگرەکە بەشێوەیەك کە باجگرەکە بێتاوانەو لە گوناهەکانی خۆش بوە بە تەواوەتی .

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٨: 9 .

بۆ ئەوانەی دڵنیا بوون کە خۆیان بە بێتاوان دادەنا و خەڵکیان بە سووك سەیر دەکرد، ئەم نموونەیەی هێنایەوە . ئیدی بەم شیوەیە پێ دەچی عیسا ئەم نمونەیەی بۆ کۆمڵێك لە فەریسیەکان باس کردبێت لۆقا ١٦: ١٥ ؛ یۆحەنا ٧: ٤٨- ٤٩ ؛ لۆقا ٥: ٣١- ٣٢ ؛ لۆقا ٧: ٣٠ .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٨: ١٠- ١٣ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٨: 14 .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم نمونەیە وەکو چیرۆکێکی میتافۆری – ڕاڤەکەی میتافۆریە .

بزانە . عیسا هیچ واتایەکی دیاریکراوی بۆ هیچ کام لە خاڵەکانی ئەم نمونەیە پێشکەش نەکردوە .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی فەریسی وباجگر لە لۆقا ١٨: ٩- 14 نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی "ساکاری لە شانشینی خودا " .

پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : ئەوەی خۆی بەرز بکاتەوە نزم دەکرێتەوەو ئەوەی خۆی نزم بکاتەوە بەرز دەکرێتەوە .

ساکاری یەکێکە لە نیشانەوە بنەما سەرەکییەکان کە پێناسەی شانشینی خودای پێ دەکرێ . گەلی ڕاستەقینەی شانشینی خودا بەوە نەناسراون کە لوتبەرز و دوو ڕوو بن بەڵکو لە ڕاستیدا دەژین وە دان دەنێن بەوەدا کە بە ڕاستی پێویستیان بە لێخۆشبوونی خودا هەیە و هەروەها بە نیعمەتی خودا هەیە وە هەمیشە ساکارن و دان دەنێن بە گوناهەکانیاندا .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

زەبور ١٤: ١- ٣

تەنەناتە بەپێی پەیمانی کۆن ، هیچ کەسێك بێتاوان نەبوە تەنانەت یەکێکیش ، ڕۆما ٣: ١٠- ١٢ .

زەبور ٣٢: ١- ٥

هەرکەسێك ڕەتی بکاتەوە دان بنێت بە گوناهەکانیدا توشی جۆرەها تەنگانەو ناڕەحەتی دەبێت بەڵام هەر کەسێك دان بنێت بە گوناهەکانیدا خوداوەند لێی خۆش دەبێت و پیرۆزی دەکات .

زەبور ٥١: ١- ١٢ ، ١٥- ١٧

لێرەدا دەخوێنینەوە کە داود دانی بە گوناهەکانیدا ناو چوە بەردەمی خودا بە دڵێکی شکاوەوە ، وە ئەویش دڵی وردوخاش ڕەتناکاتەوە .

زەبور ١٠٣: ١٢

خودا گوناهەکانمان دوور دەخاتەوە وەکو دووریی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا.

ئیشایا ٣٨: ١٧

خوداوەند گوناهەکانمانی خستە پشت خۆیەوە .

ئیشایا ٤٣: ٢٥

خوداوەند گوناهەکانمان دەسڕێتەوە لە پێناوی خۆیدا وە گوناهەکانمان ناهێنێتەوە بیری خۆی .

ئیشایا ٤٤: ٢٢

خودا یاخیبوونەکانمان وەك هەوری تار دەسڕێتەوە، گوناهەکانیشمان وەك تەمی بەیانییان .

میخا ٧: ١٨- ١٩

کێ خودایەکی وەك تۆیە، کە لە تاوان دەبووڕێت و لە یاخیبوونی پاشماوەی گەلەکەت خۆشدەبێت؟ تا سەر تووڕەیی خۆت هەڵناگریت چونکە بە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت دڵخۆشیت ، دەگەڕێیتەوە و بەزەییت پێماندا دێتەوە، تاوانەکانمان دەخەیتە ژێر پێتەوە و هەموو گوناهەکانمان فڕێیدەدەیتە ناو قوواڵایی دەریا .

ج. کورتەی فێرکردنە سەرەکیەکانی هەردوو نمونەکەی تایبەت بە ساکاری لە شانشینی خودا .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو پەیامە سەرکەی فێرکردنانە کامەن نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح چی لێمان دەوێ کە بیزانین و باوەڕمان پێی هەبێت ، وە دەیەوێ ئێمە چی بین و چی بکەین ؟

تێبینیەکان .

سروشتی خودا .

هەموو خەڵکی بەتایبەتی گومڕاکان ولەناوچوان دەبێت سروشتی خودا بناسن وبزانن وە عیسای مەسیح و ئەو شێوازەی کە مامەڵەی پێدەکات ، لۆقا ٧: ٣٤ ؛ مەتا ١١: ٢٨- ٣٠ ؛ یاقوب ١: ٢٢- ٢٥ ؛ یۆحەنا ١٦: ٨ ؛ مەتا ١١: ٢٩ ؛ ١پەترۆس ٥: ٥- ٦ .

سروشتی باوەڕدارانی ڕاستەقینە .

دەبێت باوەڕدارانی ڕاستەقینە بزانن چین و دەبێت چۆن بن فیلیپی ٢: ٣- ٤ .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .